# سۆران شار، کام شار ؟



ئازاد جندیانی

یەكێك لە دەرهاوێشتەكانی ژیانی سیاسی كوردستان كە هەڵتەكاندنی ژیانی جووتیاری سیمای هەرە دیاریەتی كە بە دوو قۆناغ (١٩٧٧ و ١٩٨٨) وەك سیاسەتی ستراتیژی راگواستن لەلایەن حكومەتی بەعس ئەنجامدرا، كوردەواری وەك كۆمەڵگایەك بە سەریەكدا ترشاند و لە یەك كاتدا ناوەندی شارەكانی لە رووی پێكهاتە و كلتورەوە شڵەژاند، چونكە گۆڕانێكی لەسەرخۆ نەبوو، بەڵكو وەك شالأوێك وابوو، لە هەمان كاتیشدا ناوەندی مرۆیی وەك ئۆردوگا زۆرە ملێكانی لێكەوتەوە.

ئەم بارە كۆمەڵأیەتیە گەرچی تا راپەڕین وەختێكی زۆر نەبوو، بەڵأم ئاراستەی ژیانێكی كۆمەڵأیەتی ئالۆزی رەنگ ڕشت، بە جۆرێك كە راپەرین و نۆستۆلۆژیای تاكە زۆرو زەوەندەكانی لادێ و هەوڵی سیاسیش نەیانتوانی كۆچێكی پێچەوانەی ئارەزوومەندانە بۆ لادێ بەو قەبارەیەی چاوەڕێ ئەكرا دروستبكا. لە دوای رووخانی سەدام و پەیدابوونی باوەڕێكی پتەوتر بە ئایندەی سیاسی و فراوانبوونی پانتاییەكانی خۆشگوزەرانی و هۆكارەكانی ژیانێكی شارستانیانەتر لە شارو قورسایی خزمەتگوزاری حكومەتیش بە زۆری بۆ شار بوو و پلانێكی هاوسەنگ بۆ شار و لادێ دانەنرا ، سەر لە نوێ لادێكانی خستەوە بەر مەترسی كۆچێكی ئارەزوومەندانە بەرەو شار.

لێرەدا مەبەستمە سەرنج بۆ ئەوە رابكێشم كە ئێستا كلتوری شار و لادێ زۆر تێكەڵبووە، كە بێگۆمان سەرەنجام كلتوری شارستانی ئەیباتەوە و زاڵ ئەبێ، بەڵأم لە وەختی ئێستادا ئادگارو سیمای كلتوری شارستانی پڕ كەموكوڕی و بگرە كرێت خۆی ئەنوێنی، كە تەعبیر نیە لە هەبوونی یان دروستبوونی كۆمەڵگای مۆڵتی كلتور وەك هەندێك بۆی ئەچن، بەڵكو ئەوەی هەیە پرۆسەی جێ خۆكردنەوەی كلتوری شارە لە ناو پێكهاتە و كلتوری لادێ لە شاردا ، وەك چۆن لە هەمانكاتدا خۆگونجاندنی كلتوری لادێییە لەگەڵ دیاردەكانی شارنشینی، بەڵأم ئایا ئەوە تەنیا شار و كلتوری شارنشنیە كە ئەیەوێ لادێییەكان و كلتوری لادێ هەڵلووشێ و ئاسەواری نەهێڵێ یان كلتورێكی شارنشینی جیاواز لەوەی زانراوە موترەبە ئەبێ ؟ ئەمە ئەو پرسیارە قووڵەیە كە ئەبێ پسپۆڕانی كۆمەڵناسی بە لێكۆڵینەوەی مەیدانی و لێتۆژینەوەی زانستی لە ئێستاو لە داهاتووشدا وەڵأمی بدەنەوە.

بێگومان سۆران ناوەندێكی زۆر نموونەییە بۆ ئەو جۆرە لێكۆلینەوە و لێتۆژینەوانە.